

# گوڵبژێرێک لە وتەکانی ئەلبیر کامۆ دەربارەی دیموکراسی

ئامادەکردنی : حوسێن فەرەجی

بە بۆنەی پەنجاهەمینساڵیادی مەرگی نووسەری گەورەی فەرەنسەوی ئەلبێر کامۆ نووسەری کتێبی بەناوبانگی "نامۆ" ، دەستەبژێرکردنی هەندێک لە وتەکانی کامۆ بۆ لایەنگرانی ئەم نووسەرە، هەروەها بۆ لایەنگرانی دیموکراسی شایستەیە باسبکرێن.

–"هەر کات کە وتارێکی سیاسی دەبیستم، یان دەیخوێنمەوە، ساڵانێک کە لە ترسدام لەوەی کە شتێک کە دەنگی مرۆیی هەبێت، ئیتر نایبیستمەوە. بەردەوام هەمان وشەن کە هەر هەمان درۆ دوویات دەکەنەوە."

–"خەباتی سیاسی نە پیشەیە و نە پشوو."

"دیموکراسی یاسای زۆرینە نییە، بەڵکو پشتیوانی کەمایەتییە."

–"دیموکراسی بناغەی ئازادی لەگەڵ خۆی دێنێت: خەڵک، راستی و بوێری کە بەبێ ئەمانە ئازادی بێمانایە."

–"دیموکراسی چ سیاسی و چ کۆمەڵایەتی بێت، ناتوانێت لە سەر فەلسەفەی سیاسی دابمەزرێت کە ئیدیعا دەکات هەموو شتێک دەزانێت و هەموو شتێک جێبەجێ و چارەسەر دەکات."

–"بەبێ گفتوگۆ دیموکراسی بوونی نییە."

–"ئازادیخواز و دیموکرات، کەسێکە کە ئەگەری ئەوەی کە حەق لای رەقیبەکەی بێت قبووڵ دەکات، هەر بۆیە مۆڵەتی ئەوە بە رەکابەرەکەی دەدات، بیروبۆچوونی خۆی دەربڕێت و قبووڵی ئەوە دەکات، بیر لە قسەی رەکابەرەکەی بکاتەوە."

–"دیموکرات خۆبەزلزان نییە هەر بڕیارێک کە بیدات قبووڵی ئەوە دەکات کە ئەوانی تریش بتوانن جۆرێکی تر دەربارەی ئەوە دادوەری و لێکدانەوەیان هەبێت."

–"کەسی هەڵبژێردراوی من بۆ جێگیر بوونی لە پۆستەکەی، دەبێت لە لایەن گرووپی کەمایەتیشەوە پشتگیری بکرێت، تەنانەت ئەگەر لە لایەن زۆرینەوەش هاتبێتە سەرێ."

–"کاتێک کە پارە زاڵ بێت، دادپەروەری و ئازادی بوونی نابێت."

–"ژیانێک کە بەرەو پارە پاڵ پێوەدەنرێت، مەرگە."

–"دەسەڵاتێک دەتوانێت یاسایی بێت، بەڵام کاتێک رەوا و مەشروع دەبێت، کەلەسەرووی گەلەوە لە رۆڵی دادوەرێک، دادپەروەری گەرەنتی بکات و بەرژەوەندی گشتی لەگەڵ ئازادیيە تاکەکەسییەکان جووت و هاوسەنگ بکات."

–"یاسایەک کە تایبەت بە دەسەڵاتی ئابوورییەکان و نەخشە و پیلانە پشت پەردەکان و فرەخوازییە تاکەکەسییەکان بێت، گەندەڵییەکە کە بێعەدالەتی دەکاتە شتێکی ئاسایی."

**سەرچاوە:** Refrence : Dictionnaire Albert Camus, éditions Robert Laffont


ئەلبێر کامۆ